# بژی 1 ئایار

# ڕۆژی هاوپشتی جیهانی کریکاران !

بەبۆنەی 1 ئایار جەژنی جیهانی کریکارنەوە، هەموو سالیك دەنگی ئازادی ویەکسانی وعەدالەتی کۆمەلاّیەتی بەکۆنترۆلّکردنی شەقام ومەیدانە سەرەکییەکانی پایتەخت وشارەگەورەکانی جیهان، رەخنەی چینی کریکار لەسیستەمی چەوسینەرانەی سەرمایەداری، وەکو دەروازەی رزگاری کۆمەلگای مرۆڤایەتی لەقەیدوبەندی دیلهینەرانە وزالمانەی رژیمی سەرمایەداری، تەنگ بەسەرتاپای دەسەلاّتدارانی جیهان ودەولەت ودامەزراوە وئیئتلافەکانی هەلدەچنیّ وپەیامیکی تر ومژدەی جیهانیکی تر دەدات بەگویّی دانیشتووانی گۆی زەویدا. پەیامیك کەلەریگەی شۆرشی کۆمەلاّیەتی کریکارانەوە ئەم جیهانە پیچەوانەیە ئەخاتەوە سەرپیّی خۆی ورزگاری یەکجاری لەسیستەمی قازانجپەرستانەی بۆرژوازی دەکاتە مەسەلەی رۆژ وهیزی لەبننەهاتووی جیهانی شارستانی وچینی کریکاری جیهانی لەو شۆرشەدا لەدەوری مارکسیزم وحیزبی سیاسی ئەم چینە ریکدەخات بۆ لەزەویدانی دەسەلاّتی زەبەلاحی سەرمایە ودامەزراندنی سۆشیالیزم لەجیگایدا.

بەم بۆنەیەوە لەهۆلەنداش سەرەرای بەرەسمی نەناسینی ئەم جەژنە لەلایەن دەولەتی راسترەوی هۆلەنداوە، لەزۆربەی شارەکاندا خۆپیشاندان وریّپیوان وجەژن وئاهەنگ سازدەکریّ، وهەزاران هەزار کریکار وئازادیخوازی ئەم کۆمەلگایە بەشداری تیدادکەن. ئەمسالیش خۆپیشاندان وریّپیوانی مەرکەزی لەشاری (رۆتەردام) ئەنجامدەدریّ. هەردوو کۆمیتەی هۆلەندای حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وحککا_حکمەتیست بەشداری ئەم جەژن وریّپیوانە دەکات، بەدانانی میزکتیب وبەبەرگی تایبەت بەناسینی ریکخراوی (کۆنگرەی ئازادی عیراق)ەوە وبەشیعار وتراکتی سەربەخۆمانەوە. هەرلەم رۆژەدا بەشیوەیەکی تایبەتی بانگەوازی کریکاران وکۆمەلگای هۆلەندا دەکەین کەببنە ئەندامی کۆنگرەی ئازادی عیراق بۆ دەرکیشانی ئەم کۆمەلگایە لەژیر چنگی جەنگی دوو بەرەی تیرۆرست ودژی ئینسانی ئەمریکا وئیسلامی سیاسی، وریکخستنی هیزی کۆمەلاّیەتی جەماوەری عیراق لەدەوری ئەم بەدیلە بۆ گیرانەوەی مەدەنییەت وریگاخۆشکردن بۆ دەخالەتی خەلك لەبنیاتنانی دەولەتی ئایندەی خۆیاندا.

بانگەوازی تەواوی ئازادیخوازان ولایەنگرانی چینی کریکار وعەدالەتی کۆمیلاّیەتی دەکەین لەگەلّ ئیمە بەشداری ئەم رۆژە گەورەیە بکەن.

بژی سۆشیالیزم!

بژی هاوپشتی جیهانی کریکاران!

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق– کۆمیتەی هۆلەندا**

**حککا – حکمەتیست**

2005-04-20

**شوین وکاتی جەژنی** 1 **ئایار بەمشیوەیە:**

Het stadhuis
Coolsingel 40
Rotterdam

**رۆژی یەکشەممە کاتژمیر** 13:30